# چی بکرێت بۆ گەنجانی گەرمیان؟

## پوختەی گفتوگۆیەك لەبارەی رەوشی گە نجانی گەرمیان لە ( رۆژی جیهانی گە نجان ) دا

لەرۆژی جیهانی گەنجان دا، یەکەی مافی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ، هەستا بە ئەنجامدانی بازنەیەکی گفتوگۆ لە هۆڵی رادیۆ لە بەرواری 12ی ئابی 2017.

بازنەکە، (13) گەنج بەشدارییان تێداکرد وەکو چالاکوانی گەنجان و نوێنەری رێکخراو و سەنتەرەکانی تایبەت بە گەنجان لە سنوری گەرمیان، تیایدا شەنوکەوی رەوشی گەنجان و دیارترین کێشەو ئاستەنگیەکانی بەردەمیان کرا.

بەشێوەیەکی گشتی، بەشداران لە چەند خاڵێکدا کۆك بون لەبارەی کێشەکانی گەنجانەوە، دیارترینیان کەمبونەوەی دەرفەتی کار و کارکردنی گەنجانە بەکاریگەریی قەیرانی دارایی، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی دیکە دروستکردوە، بەتایبەتی لەروی برەودان بەخوێندن و کاری خۆبەخشی و چالاکی رۆشنبیریی، لەبەرامبەریشدا، برەوی بەهەندێك بواری دیکە داوە، وەکو روکردنی گەنجان بۆ کۆرس و خولەکانی راهێنانی پیشەیی.

بەگشتی بەشداران ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیان وەکو پێشنیاز و راسپاردە بۆ باشترکردنی رەوشی گەنجانی گەرمیان خستە رو:

1. **چالاکیی گەنج:** لەم روەوە پێشنیازی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە کرا:

ا. دروستکردن و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی تایبەت بە گەنجان لەسەر ئاستی گەرمیان، بۆ ئەوەی وەکو ناوەندێك بۆ بەدواداچونی پرسەکانی پەیوەندیدار بە گەنجان لەگەرمیان کار بکات و کۆبەندێك بێت لە رێکخراوەو تەوژم و بیروڕا جیاوازەکان.

ب. پەرەدان بەکاری خۆبەخشی، لەرێگەی زۆرترکردنی چالاکیە خۆبەخشییەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی زیاتری هۆشیاریی لەبارەی گرنگیی کاری خۆبەخشیی بۆ گەنج و کۆمەڵگە.

ت. ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەنێوان رێکخراوەکان و تێپەڕاندنی ئەو جیاکارییە سیاسییەی لەنێوان رێکخراوەکاندا بونیی هەیە، بەشێوەیەك لە پرسە گرنگەکاندا رێکخراوەکانی سنورەکە هاودەنگ بن و هاوکاری یەکتری بن.

2. **زیادکردنی هەلی کار:** بۆ ئەم مەبەستەش چەند بیرۆکەیەك خرایە رو، لەوانە:

ا. هێنانی کۆمپانیا بۆ ناوچەکە (چ بیانی بێت یان ناوخۆیی)، بۆ بەگەڕخستنی دەستی کاری گەنجان.

ب. گرنگیدان بە کەرتی گەشتوگوزار و کشتوکاڵیی و رۆڵپێدانی زیاتر بە گەنجان لەو کەرتانەدا، بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ.

ج. پەلکێشکردنی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ سنورەکە بۆ ئەوەی گەنجانی ناوچەکە لەکارەکانیدا بخاتە کارەوە، هەروەها شکاندنی ئەو دەقەی کە دەبێت رێکخراوەکان هەر لەسەنتەرەکانی هەولێر و سلێمانی دا هەبن.

3. **پەرەپێدانی هۆشیاریی:** لەم سێکتەرەشدا پێشنیازی ئەم چەند خاڵە کرا:

ا. پەرەپێدانی زیاتر بە فێربونی زمان و چالاککردنی هەوڵەکان بەم ئاقارە، بۆ ئەوەی دەرفەتی بەکارخستنی تواناکانی گەنجانی دەڤەرەکە زیاتر بێت.

ب. راهێنانی گەنجان لەسەر خوێندنەوە، بەگرتنەبەری ئالیەت و شێوازی نوێ و تێپەڕاندنی ئالیەتە تەقلیدییەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ بەکەلتورکردنی خوێندنەوە.

ت. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێت رۆڵی هەبێت لە تەواوکاریی مەعریفەی گەنجان، نەك وەکو بابەتێکی لێبێت کە گەنجان ئالودەو گیرۆدە بکات و دایانبڕێت لەکار و چالاکی دیکەو خوێندنەوەو پێشخستنی خود.

پ. پەرەدان بەهۆشیاریی خێزانیی، لەروی مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجان و هەروەها کۆمەك و پاڵپشتی و ئاراستەکردنیان لە ژیان دا، بە ئاقارێکی دروست و بە بەرهەم.

ج. بەهێزکردنی لایەنی مەعنەویی گەنجان، بەشێوەیەك کە ئەو تەوژمی رەشبینییەی کە باڵی بەسەر گەنجاندا کێشاوە، کەم بکرێتەوەو وا لە گەنج بکرێت کە ئاسۆی ژیانی لەبەردەم فراوانتر بکرێت، نەك بەپێچەوانەوە.

ح. بەشێك لەبەشداران پێیانوابو کە زۆربونی کافتریاو قاوەخانەکان بەو رێژە زۆرەی ئێستا لەگەرمیان، حاڵەتێکی ئیجابیی نییە، بۆیە ئەم کەرتە پێویستی بەرێنمایی و رێوشوێن و فلتەرکردنی تایبەت هەیە.

4. **خوێندن**: لەم روەوە پێشنیازی ئەم بابەتانە کرا:

ا. پێداچونەوە بە سیستەمی خوێندنی زانکۆیی، بەجۆرێك لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا بگونجێت، بەومانایەی کە گەنج دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ببێتە تاکێکی چالاك و بە ئەزمون و شارەزایی، نەك بەپێچەوانەوە.

ب. کردنەوەی خولی هۆشیاریی بۆ گەنجان لەناوەندەکانی خوێندن، ئامانج لەم خولانەش، پێدانی زانیاریی و هۆشیاریی گشتییە لەو بوارانەی کە گەنجان پێویستییانە، بەتایبەت لەو روانەی کە پێویستییان بە ئاگادارکردنەوە هەیە، لەبابەتی: (شێوازی مامەڵەکردن، بەرەنگاربونەوەی مادەی هۆشبەر، جیاکاریی رەگەزی و ..هتد).

ج. زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن، بتوانن لەگەڵ رێکخراو و دامودەزگا فەرمی و نافەرمیەکان، کۆنتاکت دروست بکەن بۆ گۆڕینەوەی ئەزمون و هەروەها برەودانی زیاتر بە تاکی خوێندکار.

**بەشدارانی بازنە گفتوگۆکە :**

1. نەبەز حەمید – بەڕێوەبەری سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار 2. رێبوار مستەفا – بەرپرسی ناوەندی باڵای گەرمیانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. 3. کۆشش محەمەد – بەڕێوەبەری تۆڕی بونیادی رێکخراوەکانی گەرمیان. 4. شێروان رەمەزان – سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان / کەلار. 5. شەیما جەمال – رێکخراوی گەنجانی بوێر 6. نزا محەمەد – گروپی مەستورە. 7. سەردار حەمید – شاعیر و شێوەکار. 8. شنە محەمەد – راگەیاندکار. 9. دڵنیا ئەنوەر – راگەیاندکار. 10. سارا عومەر- راگەیاندکار. 11. ژینۆ عەلی – رۆژنامەنوس. 12. پەیام جەمال– رۆژنامەنوس. 13. دونیا رەحیم– رۆژنامەنوس.

**بەڕێوەبەری بازنە :** ئەحمەد حەمید

**بۆپەیوەندی :**

radiodeng@yahoo.com

07480207400